# لە ستونەکانی میدیاوە ... ( 1 )

هەڵبژاردنی: شێرزاد هەینی ــ سوید
heinisherzad@hotmail.com

چەند رۆژبوو لە رۆژنامەکانی سویدیدا، هەواڵی تاوانی کۆششی کوشتنی منالێك لەناو سکی ژنێك باس دەکرا. هەواڵەکە وا بلاوکرایەوە، ژنێکی تەمەن 29 ساڵان، تەنیا لە شوقەکەی لە دەرەوەی ستۆکهۆلم دەژیا. ژنەکە ئاوسەو دە هەفتەی ماوە ئاسایی بزێت. کیژە تەمەن دە ساڵیەکەی لە دەرەوە، لە سەر پایەکانی بالاخانەکەیان خۆی دەخافلاند. ئەویش کۆنە یاری تەمەن 22 ساڵیەکەی میوانە، بە شۆخی و دلشادییەوە پێشوازی لێکردووە. گومانی هیچی لێنەکردووە..!! ئارام و بەتەنیان، بەیەکەوە لەسەر کۆمپیوتەرەکیان تەماشای جەستە کورەکەی ناو سکیان دەکرد. بەیەکەوە، لەگەڵ تەماشاکردنی وێنەکەی لە نەخۆشخانە بۆیان گرتبوو، کەوتنە قسان. پیاوەکە، لە ماوەی و کاتی ئاوسیەکەی پرسی، کە دڵنیابوو، کورەکەی ناو سکی کۆنە یاری لەو رۆژانە خولقاوە کە بەیەکەوە بوینە. بۆیە لە ناکاوا، لە بن پالتۆیەکەی چەقۆیە شاراوەکەی دەرهێناوەو بۆ کوشتنی کورەکەی ناو سکی، ژنەکەی داوەتە بەرچەقۆ. لە گەڵ هاواری ژنەکەو هاتنەوەی کیژە هەراشەکەی کابرا ژنەی لەناو خلتانی خوێن تەنیا جێهێشتووەو رایکردووە. ژنەکە گەیاندراوەتە نەخۆشخانەیەکی منالانی ستۆکهۆلم و بە نەشتەرگەری قەیسەری منالەکەیان بە برینداری رزگارکرد. خۆشبەختانە رەوشی منالەکە باشبووە کابراش بۆ رۆژی دوایی خۆی داوەتە دەست و دانی بەتاوانەکەی ناوە.

هەواڵەکەو ئەو کارەساتە جەرگبرە بەوەندە تەواو بوو، بەردی لەسەر دانراو چیتریان لەسەر نەنووسی. وەزیرو سیاستمەدارو دیداری تلفزیۆنی لەسەر نەکراو، شاژن فرمێسکی نەرشت و هەموو رۆژنامەکانی نەیانووسی و .. گوایە ئەو کابرایە لەبەر نەریت و کەلتووری باو و.... ویستویەتی ئەم تاوانە گەورەیە ئەنجام بدا. بیانۆیەکشی هەر ئەوەبووە، گوایە وتویەتی من حەز ناکەم منالم هەبێ.

* * *

زمانی ئەمازیگی بە فەرمانی سەرۆکی ولاتی جەزائیر، لە پرۆسەیەکی چاوەرواننکراودا، پێش کاتی ئەو هەڵبژاردنەی بریاربوو ئەوەی لێ بریار بدرێت، زمانی ئەمازیگی بەربەرەکان، کرا بە زمانێکی نەتەوەیی لە ولاتی جەزائیرو بە فەرمی دانی پێنرا. چاودێرەکان، ئەوە بە هەنگاوێکی ئازایانەو پێویستی دەزانن، بەلام ! دەڵێن ئەوە زۆر درەنگ کرا، دەبوایە زووتر بوایە.

دەبوایە کە خەبات و کۆشش بۆ بەعەرەبکردنی زمانی جەزائیریەکان ئیشی بۆ دەکرا، ئەوەش کرابایە. کە کۆشش و تەقەلای بێ سنوور بۆ چەسپاندنی زمانی عەرەبی کرا، ئەوەش کرابایە. ئەوەندە کاتی بەسەر نەرۆیشتبایەو ئەو مەسەلە نەبوایە لەکەو شەرمەزاری بۆ ولاتانی ناوچەکە. مافی کەمینەکانی ولاتانی عەرەب و بە ئاسانی و لە رەوشی ئاوا دیمکراسی و هێمنانە درابایە.

عەرەبەکان، ئەوەش دەڵێن، رەوشی هاوشانی وا، لە ولاتەکانی تری عەرەبیدا هەیە. کێشەی وشا هەبووە زوو چارەسەرکراوە، یان باسی کراوەو بریاری رەوای لەسەردرواە، وەك ئەوەی زوو لە میسر دان بە راستی و مافی قوتبیەکان درا. ئەوەش زوو میسری لە زۆر ئالۆزی دوورخستەوە. خۆ ئەگەر چەندی زووترە مەسەلەی کوردەکانیش کە کێشەکەیان وەك بەربەرەکان لەسەر مێژەو دەستوبردی دەوێت.

هەمووش ئەوە چاك دەزانن ولاتی مەغریب، زوو و لەمێژە ئەو هەنگاوەی بریبوەو دانی بە مافە کەلتوورییەکانی کەمینەی بەرەبەر ناوە. پرسیارەکە ئەوەیە ئەم هەنگاوە چەند بناغەی ناوچەکە بەرەو هەنگاوی دیمکراسی تر دەبات. وا لەم رۆژانەش لە تورکیا بریاری ئەوە درا لە کەنالەکانی تورکیادا بۆ چەند سەعاتێك بەرنامەی کەلتووری بە زمانی کوردی هەبێ بە مەرجێ باس لە سیاسەت نەکەن ..! هەروەها ئەوە دوو ساڵە چەژنی نەتەوەیی کورد نەورۆز یادی دەکرێتەوە، بریاریشە ئیمساڵ زۆرترو بە ئاشکراتر ئەم یادە بکرێتەوە.

دەبێ عەرەب ئازایانەو لە ناخی دڵیانەوە پیرۆزبایی لە نەتەوەی بەرەبەر بکەن و دەستخۆشی لە بریارەکەی حکومەتی جەزائیر بکەن، هەنگاوەکانیش زۆری تری بە دواوە بێت. یان تورکەکان و ژەنرالەکانیان بۆ مەسەلەی بەکارهێنانی زمانی کوردی لە میدیای رەسمی چەندی قبول دەکەن، بەردەوامی ئەو هەنگاوەش چەندی تری چاوەروانی و خەبات و..... دەوێت.